# با (کارەساتی هەڵەبجە) بکەینە شینێکی میللیی..

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٢/٣/١٦




جەستەی هەلاهەلای نەتەوەی کورد، برینی هێندە قووڵی تێدایە، لە ژمارە نایەت.. بەڵام هیچیان بەئەندازەی کارەساتی هەڵەبجە ڕەهەندیی هەرێمایەتی و جیهانیی وەرنەگرتووە.. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو چەکەی کوشندەیەی تێیدا بەکار هاتووە. «گاز و چەکی کیمیاوی» قەدەغەی نێودەوڵەتی...ئەم تراژیدیایە، لەسەر ئاستی نەتەوەیی، کاریگەریی خۆی دروست کردووە، لێ هێشتا بارتەقای ڕووداوەکە نییە... چەند دەقە شیعرێ، بڕەک سروود و گۆرانی، چەند دێڕی ناو ڕۆمان و گێڕانەوەکان بەتەنیا بەس نین..

بە دەربڕینێکی تر، ئەو چانسە نەتەوەییەی هاتە بەردەم کوشتاری هەڵەبجە، نەتوانرا، ڕەهەندی گەورە و فراوانی هەرێمی و جیهانی لێ وەرگیرێ!!..بۆیەکا زۆر پێویستە ئەم ڕووداوە دەوڵەمەندتر بکەین و ڕەهەندی زیاتری پێ ببەخشین!. بیکەینە ڕۆژێکی ماتەم و شینێکی بێ بڕانەوە و سەرچاوەی ئیلهام وزە و جۆش و دینامیکێکی بەردەوامی نەتەوەیی..

لە نموونەدا لە  ئاستی هەرێمیدا دەکرێ ئەم بەسەرهاتە بکەینە بۆنەیەک، وەک شیعەکان چۆن ساڵانە شینی "حەسەن و حسین" دەکەنە فاکتی زیندوو ڕاگرتنی کارەساتە خوێناوی و دڵتەزێنەکە، جۆشدانی خۆیان و تازەکردنەوەی پەیمان و ڕق ئەستووربوونی زیاتر لە دوژمن و نەیارەکانیان! بەخۆداچوونەوە و یەکگرتوویی و خۆیان.. یاخود وەک جولەکە بە کارەساتی هۆلۆکۆستەوە ـ و ئیرلەندی و پۆلەندی و هەندێ لە نەتەوەکانی باڵکان، کە ئاینەکەیان کردۆتە هەوێنی خۆیان! هەندێ لە نەتەوەکانی تر پرسی زمانیان کردۆتە فاکتێکی گرنگی یەکێتی خۆیان! هەندێ دەوڵەت ختە سوورەکەی بەدەورییەوە ناوی سنوورە !هەندێکی تر لەسەر بستە خاکێک! دوورگەیەکی دوورەدەستی ناو زەریا، یان ئەستێرەیەکی ئاسمان لە ململانێ و خۆ پاراستن ..

دیموگرافیای کوردستان، بە شاخ و داخ و دەشت و دۆڵی زۆرەوە وای کردووە ناوچەی نیشتەجێبوون تا ڕادەیەك لێک دوور بن و پەیوەندییەکان کەم بن. سنووری دەستکردی کوردستانیش زۆرتری لێک جودا و دوور خستووینەتەوە.. شێوەزار و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز دیاردەیەکی زەقی ترە لە ناسنامەکەمان دا، چونکە تا ئێستا دەزگایەک نەبووە هەموو جیاوازییەکانی تێدا کۆبێتەوە و بتوێندرێتەوە. دەسەڵاتێکی

کوردی سەرتاسەریش نەبووە، یەک جۆری ناسنەمەی نەتەوەیی ببەخشێتەوە و هەستێکی بەهێزی یەک چارەنووسی بسەپێنێ.

کورد.. بە چەندین دوژمن و دەوڵەتی داگیرکەریش گەمارۆ دراوە و چرکە بە چرکە ڕووبەڕووی بەرنامە و پیانی جۆراوجۆری دوژمنایەتی و هەڕەشەئامێز دەبێتەوە و (تورک و فارس و عەرەب)، هەموو لە هەوڵی ئەوەدان ناسنامەیەکی لەدەست دەربهێنن و بیتوێنەوە و لەبەینی بەرن..

دیارە زۆرینەی ئەم تایبەتمەندییانە هەر بۆ کورد ڕاست نین. بنۆڕن نەتەوەی ئەڵمان 150 ساڵ زیاترە خاوەنی دەوڵەتە، کەچی هێشتا سیمای جیاوازی نێوان هەرێمەکانی (بارڤاریا و براندەنبۆرگ و نۆردڕاین ڤێست ڤالن و بەرلین و ساکسن...هتد)ەوە دیارە.. هەروەها هیچ دەستێکی دەرەکی و دوژمنێک ناتوانی ختوکەی فیزی هیچ کام لە هەرێمەکان بدات.. بۆ جیابوونەوە و شێواندنی یاخود دڕاندنی ناسنامەی نەتەوەییان..

بۆیەکا لەم هەلومەرجەدا هەڵبژاردنی بابەتگەلی هاوبەش لە تەک خەسڵەتەکانی " زمان و مێژوو و نیشتمان و دابونەریت و هەستی هاوبەش"، دا تەنیا ئەو کارەسات و تراژیدیانەن، کە سیمبۆلی هاوکۆی گشت کوردە. چونکە گشت تاک و کۆی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرکەوتە و مارانگازی ئەم ڕاستییەن...

هەڵەبجە.. دەکرێ تابلۆ گەورەکە و ناونیشانە سەرەکییەکەی کوشتاری (( دەرسیم، چوارچرای مەهاباد و ئاداری قامیشلۆ و ئەنفالی گەرمیان)) و تەواوی قوربانی و شەهیدان و بێ سەروشوێنان و لەسێدارە دراوان بێت.( عەفرین و کۆبانی، سنەی خوێناوی و سەردەشتی) وێرانکراو بێت، (جەزیرەو بۆتان)ی سوتماککراو و (کەرکووک)ی بریندار و (سەفین)ی سەربڕاو بێت..

شاراوە نییە چارەنووسی بوون و هەبوونی کورد لەبەردەم شەڕی مان و نەماندایە. بێ دیاریکردنی سەنتەرێک بۆ کۆی جیاوزییەکانمان و نەخشاندنی گشتگری ناسنامەکەمان و دیاریکردنی قیبلەنومای دۆست و دوژمن هەر بە وێڵی لەناو کایەی مێژووی تراژیدیادا ئەمدیوئەودیو دەکەین..

کوردیش دەتوانێ جینۆسایدی هەڵەبجە، وەک کارەسات و بۆنەیەکی نەتەوەیی و هاوبەشی گشت تاوانەکانی مێژووی نەتەوە وەرگرێ و سەرجەم کورد لەم ڕۆژەدا هەست بە ستەم و زۆرداری داگیرکەر بکەن و گیانی تێکڕای قوربانییەکان بەرز ڕاگرن..
هەر جۆرە چالاکییەکی سیاسی و ئەدەبی و هونەری و دیبلۆماسی و مێژوویی بکەن هێشتا بەلایانەوە کەم بێت!..هێندە کەم بێت کە دەماری ڕق لە داگیرکەر ئەستوور تر بێت. بەرانبەر بە داگیرکەر! و نەخشەی پلانی بەرەنگاربوونەی سیاسەتی دوژمنکارانەی هەبێت...

لەم هاوکێشەیەدا دیاریکردن و ناسین و پێناسەی داگیرکەر ئەرکێکی گرنگ و واتادارە ...ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە خانەی داگیرکەرەوە دەبێت بەر گورزی » ڕقی پیرۆز» بکەوێت..

ڕقی پیرۆز دەبێت وەک چەکێک بۆ ئامانجێکی دیار و چەسپاو بکرێتە کار، ئامانجێک کە وێستگەی کۆتایی هێنان بێت بە کوێرەوەرییەکان! بە جینۆسایدەکان ..
مێژوونووسی گەورەی هاوچەرخ (**یۆڤال نوح هەراری**) لە میانەی هێرشی داگیرکاریی رووسیا بۆسەر ئۆکرانیا دەڵێ: **" ڕق شتێکی ناشرینە، بەڵام بۆ نەتەوەی بندەس: ڕق گەنجینەیەکی حەشاردراوە، کە لە قوڵایی دڵدا نێژراوە، کە بۆ چەندین نەوە هەستی بەرگری بەهێز دەکات."**

واقعی سیاسی و ئەزموونی ژیان پێمان دەڵێ: کە هیچ نەتەوەیەک نییە، وێنەی دوژمنێک یان زیاتری بۆی خۆی نەکێشا بێت!!.. ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی گرێ نەدابێ بە گورزێ هەڕەشەی

دەرەکییەوە!!.. بەداخەوە هێشتا لە سەر گۆی زەوی بە بۆچوون و بۆچوون و ماناکەی **ماتزینی**" یەکگرتنی نەتەوەکان" پێک نەهاتووە، بۆیەکا بۆ دروستکردنی سەرچاوەیەک، وزە و هێز ببەخشێتە جەستەی نەتەوە پەنادەبرێتە بەر دیاریکردن و کێشانی وێنەی دوژمنی دەرەکی.

ئەم ڕقەی لێرەدا ئاماژەی پێدراوە کتومت "**ڕقە پیرۆز**"ەکەیە، کە بریتییە لە گیانی شۆڕشگێڕی بەرەنگاری هەرچی ستەمکارییە! ئەو هەستەیە کە داگیرکاری پێ هەرس ناکرێ! ئەو باوەڕەیە ڕەتی بندەستی و بێ مافی دەکاتەوە، ئەو هیوایە کە بۆ ئازادی و سەرفرازی دەگەشێتەوە .مامۆستا "**هێمن**" ی لەمەڕ خۆشمان نیوسەدە لەمەوپێش لە چوارینەیەکدا ئەم مانا بەرزەی بەرجەستە کردووە:

**ڕقی پیرۆز**

**دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم**

**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**

**دەمکوژێ، ئەمما بە گڕ جەللادەکەم دا دێمەوە**

**کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە**

بگەڕێمەوە بۆ لای تراژیدیا هەڵەبجە، کە دەرفەتی هەیە لە دوو بڕگەدا بێتە بەردەبازێکی گەورە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕەوا و پیرۆزی کوردایەتی...

دەبێ ئەم کارەساتە بکەینە باڵانمای تەواوی کارەساتەکانی تر، دەبێت ناسنامەی بریندار ی کوردی لێ ساز بدەین، گەرەکە ڕەنگ و دەنگ و مانای ببەخشینە هەموو بوونی خۆمان،، جیهان کەڕ کەین هێندە بڵێین: ئێمە ستەملێکراوین و ئارەزوو و تامەزرۆی ژیانی ئازادین!. هێزە کۆلۆنیالیستەکانی ڕاستەوخۆ نەخشەکێشی چارەنووسی ئێستای کوردن، هەراسان کەین قەرەبووی قوربانییەکانمان لە ڕوویی نەتەوەیی و سیاسییەوە بۆ بکەنەوە..

ناوچەکە و جیهان حاڵی بکەین، بێ چارەسەری ڕاستەقینەی دۆزی کورد، ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا مەحاڵە ... ئەمەش هەمووی بە بیرکردنەوە و کاری زۆر و چالاکی جۆراوجۆر دێتە بەرهەم.

لەسەر ئاستی ناوخۆ جیهان: جۆش بدەینە کایەی ئەدەب، شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و گەر بەزمانە زیندووەکانیش بڵاو بکرێنەوە، پێداویستییەکە پڕ دەکەنەوە لە بواری هونەریش گوڕی زیاتر بدەینە خۆمان، جا شانۆ و دراما و فیلم و وێنەکێشان ، کە ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرێ...

کوشتنی " George Floyd" ڕەشپێست لە ئەمەریکا لە 25.5.2020 بەشێوەی نامرۆڤانە وەرچەرخانێکی دیکەی لە مێژووی ڕاسیزم دا هێنایە کایەوە، دەوڵەتانی ئەوروپایی بە شەرمەزارییەکی گەورە لەبەردەم مێژووی تۆمارکراوی ڕووداوکان دا وەستانەوە.. گۆڕانکاری زۆر لە ناو و شوێن و مۆزەخانەکان کرا، ئاخر نەفرەتباران گەیشتە زۆر کەسانی مێژوویی و ڕۆشنبیریی دیاریی ئەوروپایی . پەیکەری فەیلەسووفێکی هومانیست و ڕۆشنگەریی وەک »**ئیمانۆئیل کانت** »یش بێ بەری نەبوو لەهەڵمەتی پەلاماردان.. ئیدی کاتێ کورد ڕاستەوخۆ قوربانی دەستی کۆلۆنیالیزمە کە زۆر قورستر و دژوارتر و گرانترە لە ڕاسیزم، هەقی خۆمان هەرچی پێویست بێت بیکەین و داوای بکەین.

کەواتە کورد دەرفەتی زێڕینی هاتۆتە پێش و هێشتا نەچووە بچێ! ـ ئەگەرچی کارەساتی هەڵەبجە ساڵانێکیشی بەسەردا چووە ـ با بە ئەقڵ و میکانیزمێکی باشتر کار لەسەر دۆزەکەی بکات و بیکەینە شینێکی میللیی و سروودی هاوبەشی ئێستا و ئایندەمان و پانتاییەکی فراوانی ناسنامەی نەتەوەیی.

**برووسکەیەک.. پەلە نییە.. شیعریش نییە.** **شێرکۆ بێکەس**

**بەناوی هەڵەبجە و پێنج هەزار "مانگ"ەوە**
**بەناوی مەولەوی و پێنج هەزار گوڵەوە.**
**بەناوی گۆران و پێنج هەزار کۆترەوە،**
**بۆ زانا بلیمەتەکانی: وڵاتی پوشکین، وڵاتی جاک لەندن.**
**وڵاتی بایرۆن، وڵاتی جان دارک، وڵاتی بسمارک.**
**وڵاتی گاریباڵدی، وڵاتی ڤان کوخ.. وڵاتی.. وڵاتی.. وڵاتی**
**سوپاس بۆ ئەو دیارییەی کە بە کۆمەڵ سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە ڕێگەی بەغداوە بۆ گوڵ و کۆتر و منداڵ و شیعری کوردستانتان ناردبوو.**